حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق | بە ناوی خودای گەورە | بابەت: زمان و ئەدەبی کوردی / کات | ٣ کاتژمێر | پەنجەمۆر

وەزارەتی پەروەردە-لیژنەی باڵای تاقیکردنەوە گشتییەکان | وەڵامی نموونەیی

تاقیکردنەوە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی (دوازدەی زانستی - وێژەیی) | خولی دووەم ٢٠٢٤-٢٠٢٥

# A

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە، (بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە) SN: 000001

١. لە ڕستەی (تابلۆ کۆنەکانم بۆ بگەڕێنەوە.) چی دەرنەکەوتووە؟

A) تەواکەری بەیاریدە B) بکەر C) ئامرازی دانە پاڵ D) (C + B) ڕاستن.

٢. لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجیدا کام لەم کارانە ناتوانێت ببێتە کاری وەڵامی مەرج ؟

A) پێشدەکەوێت B) تەواوکردبا C) مەهێنە D) سەردەکەوین

٣. لە کام لەم ڕستانەدا ڕێژەی کار ڕابردووی نزیکە؟

A) دەبوو پەرتووکەکانت کۆکردبایەوە.

B) دەبوو لە ئاهەنگەکە ئامادەبووبا.

C) یارییەکە درەنگ تەواوبوو.

D) هەموویان ڕاستن.

٤. کام لەمانە هاوەڵناوە پێکهاتووە لە (ناو + ئامراز + ناو)؟

A) ڕوو بەخاڵ B) گوڵە هێرۆ C) ڕەشەبا D) هەموویان ڕاستن.

٥. لە ڕستەی (من قوتابییەکی زۆر زیرەکم.)، (زۆر زیرەك) چییە؟

A) گرێی هاوەڵناوییە، تەواوکەری کاری ناتەواوە.

B) گرێی ناوییە، دیارخەری ناوە.

C) گرێی هاوەڵکارییە، تەواوکەری کارە.

D) گرێی هاوەڵناوییە، دیارخەری ناوە.

٦. لە ڕستەی (تۆمان هەڵبژاردبوو.)، ئەگەر بەرکار بکەین بە جێناوی لکاو، ڕستەکە دەبێتە:

A) هەڵمانت بژاردبوو. B) هەڵتمان بژاردبوو. C) هەڵت بژاردبووین. D) (C + B) ڕاستن.

٧. کاری ناتەواو بۆ دەمی ئێستا (ە) لە ڕستەدا دەرناکەوێت، ئەگەر نیهاد کەسی:

A) یەکەمی تاك بێت. B) سێیەمی تاك بێت. C) سێیەمی کۆ بێت. D) (C + A) ڕاستن.

٨. بزوێنی کۆتایی کام لەم وشانە پاشگرە بۆ دروستکردنی هاوەڵناوی کراوی دارێژراو؟

A) چاکە B) کردە C) دەستە D) پرسە

٩. لە کام لەم ڕستانەدا ئەگەر (بەرکار) لابدەین و کاری ڕستەکە بکەینە (ڕابردووی نزیکی دانانی نەرێ) جێناوی لکاوی بکەر ناچێتە دوای ئامرازی نەرێ؟

A) وانەکە دەنووسمەوە. B) چیرۆکەکە دەخوێنمەوە C) چیرۆکەکە بڵاودەکەمەوە D) پەرتووکەکە بهێنەوە.

١٠. دەربارەی هاوەڵناو وەك دیارخەری ناو، کام لەمانە ڕاستە؟

A) هاوەڵناوی پلەی بەراورد هەمیشە پێش ناوی دیارخراو دەکەوێت.

B) هاوەڵناوی پلەی باڵا دەکەوێتە دوای ناوی دیارخراو.

C) ئەگەر ناوی (هاوڕێ) لە گرێی (هاوڕێی چاك) بکەین بە ناسراو، دیارخراو و دیارخەر دەبنە گرێی هاوەڵناوی.

D) ئەگەر ناوی (دێ) لە گرێی (دێی کۆن) بکەین بە ناسراو، پێویست بە ناوبەند دەکات.

١١. لە کام لەم ڕستانەدا دەتوانین جێناوی لکاوی (مان) بگۆڕین بە جێناوی لکاوی (ین)؟

A) یارمەتیمان بدەن. B) یارمەتیمان دەدات. C) یارمەتیمانیان دا. D) یارمەتیمان دان.

١٢. کاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنی بکەر نادیار لە چاوگی (ڕێکخستنەوە)، دەبێتە:

A) ڕێکخراوەتەوە B) ڕێکخستووەتەوە C) ڕێکخرایەوە D) ڕێکخرابێتەوە

١٣. هاوەڵکارەکانی ڕستەی (ڕۆژانە کاری خۆم بەدڵسۆزی ئەنجام دەدەم.)، بە پێی ڕێزبەندی ڕستەکە چۆن دروستکراون؟

A) (ناو+پاشگر)، (پێشگر+هاوەڵناوی لێکدراو+پاشگر)

B) (ناو+پاشگر)، (پێشگر+هاوەڵکاری لێکدراو+پاشگر)

C) (هاوەڵناو+پاشگر)، (پێشگر+هاوەڵناوی لێکدراو+پاشگر)

D) (ناو+پاشگر)، (پێشگر+ناوی لێکدراو+پاشگر)

١٤. له كام لهم ڕستانهدا تهواوكهری بهیاریده دهركهوتووه ؟

A) ڕهنگه خانووهكهی بۆ كڕیبێت.
B) دهبوو دیارییهكهی لیَ وهرگرتبا.
C) لهوانهیه ههواڵهكهی پیَ گهیشتبێت.
D) ههموو وهڵامهكان ڕاستن.

١٥. له ڕستهی ( له باخهكهمان نهمامێك وشكبوو ) كاری ڕستهكه چییه ؟

A) تهواوی تێنهپهڕه به واتای ( وجود ).
B) كاری ناتهواوه.
C) تهواوی تێنهپهڕی لێكدراوه.
D) تهواوی تێپهڕه به واتای ( خاوهندارێتی ).

١٦. كام لهم چاوگانه ئهگهر كاری داخوازی لیَ دروستبكهین جێناوی لكاوی كهسی دووهمی تاك دهردهكهوێت؟

A) ڕۆیشتن
B) داخستن
C) بوون
D) بردن

١٧. له ڕستهی ( دهبوو خانووهكۆنهكهمانیان نۆژهنكردبایهوه. ) كام لهمانه ڕاسته؟

A) ئهگهر بهركار لابهین ڕستهكه دهبێته ( دهبوو نۆژهنمان كردبایهوه. )
B) ئهگهر ڕستهكه بكهین به ڕاگهیاندن دهبێته ( خانووه كۆنهكهمانیان نۆژهنكردووهتهوه ).
C) ئهگهر كاری ڕستهكه بكهین به ڕانهبردوو ڕستهكه دهبێته ( دهبێت خانووهكۆنهكهمان نۆژهنبكهینهوه. )
D) هیچیان.

١٨. كام لهم هاوهڵناوانه بهههمان یاسای هاوهڵناوی ( بهجهرگ ) دروستبووه؟

A) بگۆڕ
B) بیَ تام
C) بخۆر
D) بهختهوهر

١٩. كام لهم كارانه به یاسای ( قهد +ییه ) دروستبووه له كرمانجی سهروودا؟

A) كرییه
B) هاتییه
C) نقیسییه
D) ههموویان ڕاستن.

٢٠. ( دهبێت قوتابییان ئاگاداربكهنهوه. ) كاری ڕستهكه له چ ڕێژهیهكدایه؟

A) تهواوی دانانی
B) داخوازی
C) ڕانهبردووی دانانی
D) تهواوی ڕاگهیاندن

٢١. له ڕستهی ( پرسیارهكانیان بۆ چاپكردین. )، ئهگهر جێناوی لكاوی تهواوكهری بهیاریده بگۆڕین بۆ ( مان )، و بهركار لابدهین، ڕستهكه دهبێته :

A) بۆمانیان چاپكرد.
B) بۆیانمان چاپكرد.
C) بۆمان چاپكرد.
D) بۆمان چاپكردن.

٢٢. له كام لهم ڕستانهدا ئهگهر وشهی ( زۆر ) له پێش وشهی ( جوان ) بهكاربهێنین دهبێته ڕادهی هاوهڵكاری؟

A) وێنهیهكی جوانم كێشا.
B) گۆڵهكهی جوان تۆماركرد.
C) دارشتنێكی جوانم نووسی.
D) دیارییهكی جوانم بۆ هات.

٢٣. له كام لهم ڕستانهدا دیارخراو ناوێكی كۆی ناسراوه و ئهركی گرێكه جێگری بكهره؟

A) پرۆژهگهورهكان تهواودهكرێن.
B) یاریزانانی تیمهكه خهڵاتكران.
C) دیارییهكان بۆ مامۆستا دڵسۆزهكان ئامادهكراون.
D) درهختی شاخهكان سهوزن.

٢٤. له ڕستهی ( قوتابییهكانمان له وهڵامدانهوهی پرسیارهكان كهمێك دوودڵن. ) كام لهمانه ڕاسته؟

A) گرێی هاوهڵناوی تهواوكهری كاری ناتهواوه.
B) جێناوی لكاوی ( مان ) ئهركی بكهره.
C) تهواوكهری كاری ناتهواو پێكهاتووه له ( هاوهڵناوی ژماره + ناو ).
D) ( كهمێك ) ڕادهی هاوهڵكارییه.

٢٥. له كام لهم ڕستانهدا ئهركی جێناوی لكاوی ( م ) بكهره؟

A) بۆت بنووسم.
B) بۆت نووسیوم.
C) بۆمی نووسی.
D) بۆت نووسیم.

٢٦. له دوای نسكۆی ( ١٩٧٥ ) نووسهرانی شار ههوڵیانداوه له ڕێگهی كام لهم وتارانهوه بیروبۆچوون و ههست و سۆزی نهتهوایهتیان پیشانبدهن؟

A) مێژوویی
B) كۆمهڵایهتی
C) ڕۆشنبیری گشتی
D) ههموویان ڕاستن.

٢٧. خاوهنی شیعری .................... سودی له فۆلكلۆری كوردی وهرگرتووه و زمانی شیعری ئهو قۆناغهی پیَ دهوڵهمهندتركردووه.

A) بێشكهی منالَ
B) كاروانیَ مه
C) ڕێگهی خهبات
D) نهسرین

٢٨. كام لهم بهرههمانه لێكۆڵینهوهی ڕهخنهییه؟

A) كامهران و دیارییهكه
B) كورد و شیعر
C) كۆن و تازه له شیعردا
D) كامهران و هۆنراوهی نویَ

٢٩. کام لەمانە لە گرنگترین خاسیەتەکانی وتارە لە قۆناغی ( ١٩٥٨-١٩٧٠ ) ؟
A) خاڵبەندی زیاتر بایەخی پێدراوە.
B) زمانی وتارەکان گەشەیان بەخۆیانەوە بینی چونکە زیاتر بەرەو کوردی پەتی دەبران.
C) زمانی وتار پوختەتر بوو لەرووی وشە و زاراوە دەوڵەمەندتربوون.
D) دەربڕینی ناراستەوخۆ ، واتا پەنابردنە بەر بەکارهێنانی هێما و نیشانە.

٣٠. ئەم پارچە شیعرە ( لە فرگەی ژان هەڵدەنیشێ     پێشمەرگەی لێ دادەبەزێ ) لە ژێر چ ناو و نیشانێکە؟ بەرهەمی کێیە؟
A) ڕوبارێکی خوێناوی، جەمیل ڕەنجبەر    B) هەڵە بجە دووەم هاتن، جەوهەر کرمانج
C) سروودێك بۆ پێشمەرگە، هەژار موکریانی    D) سەربازی ون، عەبدوڵلا پەشێو

٣١. زنجیرە لێکۆڵینەوەکەی ( شێخ نوری شێخ ساڵح ) زیاتر دەچێتە خانەی:
A) مێژووی ئەدەبی    B) تیۆری ئەدەبی    C) ڕەخنەی ئەدەبی    D) مێژووی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی

٣٢. بەشی زۆری چیرۆکەکانی .................. لە ڕووی تەکنیکەوە لە ئاستێکی هونەری پێشکەوتوودان و تەواو و تۆکمەن بوون چونکە چیرۆکنووسان زمانی ئەڵمانی و فەرەنسی و ئینگلیزیان زانیوە: .
A) گۆڤاری هاوار    B) گۆڤاری شەفەق    C) گۆڤاری گەلاوێژ    D) گرووپی ڕوانگە

٣٣. بەشداری ڕاستەوخۆی شیعری کوردی لە شۆڕشی ئەیلولی ( ١٩٦١ )دا، لە شیعری ................دا دەردەکەوێت:
A) کامەران موکری    B) هەژار موکریانی    C) دیلان    D) قەدری جان

٣٤. یەکێك لەو شاعیرانەی ماوەی نێوان ساڵانی ( ١٩٧٥-١٩٩١ ) بوو بە دەنگێکی دیاری شیعری کوردی:
A) شێرکۆ بێکەس    B) ئەنوەر مەسیفی    C) لەتیف هەڵمەت    D) دڵشاد مەریوانی

٣٥. داوا لە ڕەخنەگران دەکات ڕەنج ماندووبوونی شاعیریان لەبەر چاوبێت ئەگەر کەم وکوڕیش لە شیعرەکەیدا هەبوو:
A) مەلای جزیری    B) حاجی قادری کۆیی    C) نالی    D) ئەحمەدی خانی

٣٦. دەربارەی کێش و سەروای شیعر لە قۆناغی ( ١٩٧٠-١٩٧٥ ) شاعیرانی کورد زیاتر پەیڕەویان لە.........................کردووە:
A) کێشی برگەیی و سەروای ئازاد    B) کێشی ئازاد و سەروای مەسنەوی
C) کێشی ئازاد و سەروای ئازاد    D) کێشی برگەیی و سەروای یەکگرتوو

٣٧. ( جەفەنگ ) واتە ڕەمز لە چیرۆکی کوردی لە قۆناغی ( ١٩٧٠-١٩٩١ ) بە شێوەیەکی فراوان و بەربڵاو بەکارهێنراوە، ( ئەسپ ) ڕەمزە بۆ:
A) شەڕخوازی    B) داگیرکەر    C) کورد وخۆڕاگری کورد    D) شۆڕش

٣٨. بەهۆی کام لەم بەرهەمانەوە ڕەخنەی ئەدەبی هەنگاوێکی بەرەو پێشچوونی بۆ ڕەخسا لەناوەڕاستی شەستەکاندا؟
A) ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا    B) شیعرو ئەدەبیاتی کوردی    C) کوردو ئسلوبی شیعر    D) شاعیرەکانمان

٣٩. لە.................. جۆرێکی تر لە چیرۆك پەیدابوو، کە چیرۆکی ( بەرگری لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد ) بوو:
A) ساڵی ( ١٩٧٠ ) بەدواوە    B) ساڵی ( ١٩٦١ )    C) دوای ساڵی ( ١٩٧٥ )    D) ناوەڕاستی ساڵانی شەستەکاندا

٤٠. شاعیرانی کورد لە قۆناغی ( ١٩٧٠-١٩٧٥ ) دەربارەی فەلسەفەی ژیان و مردن دواون، چ تێڕوانینێکیان هەبوو؟
A) بە ڕەشبینانە لە ژیانیان ڕوانیوە.    B) بە شتێکی دەمامککراوی کاتییان زانیوە.
C) بە گەشبینانە لە ژیانیان ڕوانیوە.    D) هەموویان ڕاستن.

٤١. شیعری کوردی لە قۆناغی.............. لە ڕوی تەکنیك و ناوەڕۆکەوە هەڵقوڵاوی ناو جەرگەی کۆمەڵی کوردەواری بوو، گوزارشتێکی ڕاستەقینەی ژیانی ئاسایی خەڵك بوو:
A) ١٩٣٩-١٩٥٨    B) ١٩٥٨-١٩٧٠    C) ١٩٧٠-١٩٧٥    D) ١٩٧٥-١٩٩١

٤٢. بایەخدانی چیرۆکنووسانی کورد بە کێشە و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بووە هۆی ئەوەی ڕاستەوخۆ چیرۆکی کوردی بەرەو ڕێبازی .........هەنگاو بنێت:
A) ڕیالیزمی    B) ڕۆمانتیکی    C) کلاسیکی    D) فۆرمالیزمی

٤٣. کام لەم چیرۆکانە کاریگەری نەبوو لە جێگیرکردنی چیرۆکی مامناوەندی چونکە لە کاتی خۆیدا بڵاونەکراوەتەوە؟

A) لالۆکەریم B) پەڵە هەورێکی چڵکن C) مەسەلەی ویژدان D) کاروانی

٤٤. لە قۆناغی ( ١٩٥٨-١٩٧٠ ) هەوڵی نوێگەری لە تاقیکردنەوەکانی کام لەم شاعیرانە نەبووە ڕەوتێکی دیاری شیعری کوردی؟

A) کامەران موکری B) جگەرخوێن C) گۆران D) سوارەی ئیلیخان زادە

٤٥. دەربارەی ڕەخنەی خۆرئاوا کام لەمانە ڕاستە؟

A) ( ئەفلاتون ) بەرهەمی شیعری بەسودبەخش داناوە. B) ( بوالو ) ڕاوبۆچوونەکانی ( ئەرستۆ ) ی جێگیرکرد.

C) ( سانت بیڤ ) لە دیارترین ڕەخنەگرانی کلاسیکە. D) گرنگیدان بە بەها کەسییەکان، لە پێوانە ڕەخنەییەکانی کلاسیکی نوێ یە

٤٦. چ بابەتێکی ڕەوانبێژی لە ئەم دێڕە شیعرەدا هەیە؟

دەمێك بوو چاوەڕێی بەفرێکی وابووم مژدەبێ باری سەرم بەفرە کەچی هێشتا شەڕە تۆپەڵمە بۆ یاری

A) لێکچواندن بە سێ بنەڕەت و ڕەگەز دۆزیی ناتەواو لە ژمارەی پیت

B) لێکچواندن بە دوو بنەڕەت و ڕەگەز دۆزیی ناتەواو لە جۆری پیت

C) لێکچواندن بە دوو بنەڕەت و ڕەگەز دۆزیی تەواو

D) لێکچواندن بە چوار بنەڕەت و ڕەگەز دۆزیی ناتەواو لە جۆری پیت

٤٧. دەربارەی ( بابەتی ڕەوانبێژی ) کام لەمانە ڕاست نییە؟

A) زانستی ڕەوانبێژی لەو هونەرو دەستوورو بنەمایانە دەکۆڵێتەوە کە دەبنە مایەی ڕەوانی جوانی و کاریگەری قسە و پاراستنی لە لێڵی.

B) سیفەتی ڕووی لێکچوون لە ( لێچوو ) بەهێزە و لە ( لەوچوو ) دا بێهێزە.

C) دژیەکی ئەریێ دوو وشەن هەریەکە لەڕەگەزێکی سەربەخۆن و لەماناشدا دژو وپێچەوانەی یەکترن.

D) هیچیان.

٤٨. چ بابەتێکی ڕەوانبێژی لەم دێڕە شیعرەدا هەیە؟

( چ ڕوناکی بێ ، چ تاریکی ،چ نزمی بێ یا بەرزی بەخۆشی بێ وە یا تاڵی هەمووی ئەڕوا لەسەر ئەرزی )

A) دژ یەکی نەریێ و ڕەگەزدۆزیی تەواو B) دژ یەکی ئەریێ و دژ یەکی نەریێ

C) دژ یەکی ئەریێ و ڕەگەزدۆزیی ناتەواو D) دژ یەکی نەریێ و ڕەگەزدۆزیی ناتەواو

٤٩. لەم دێڕە شیعرەدا ( مەعشوق تویی ب فەخرو نازی عاشق تویی لێك بێ نیازی ) ڕەگەز دۆزیی ناتەواوە لە :

A) ژمارەی پیت B) جۆری پیت C) ڕیزی پیت D) جۆر و ژمارەی پیت

٥٠. لە کام لەم دێڕە شیعرانەدا نیشانەیەك هەیە تاکو بزانین وشەکە بە واتای بنجی خۆی بەکارنەهاتووە؟

A) لایدا سەرپۆش و پەرچەمی بای شەماڵ مانگێك هاتەدەر پڕ لەخەت و خاڵ

B) ئەم جووتە شێرە دلێرەی شەرزە لەناو مێژوودا ناویان زۆر بەرزە

C) چاوەکەم ئەمڕۆ لە گوڵشەن گوڵ بە عیشوە خۆی نواند نەك نمەك گیربم بەمەرگی تۆ قەسەم هیچ نەمدواند

D) هەموویان ڕاستن.